مەراقی پەروەردەو.... شتی دیکەش

بەشی سێیەم

لەژێر تایتڵی (مەراقی پەروەردەو... شتی دیکەش) کە بەدووبەش بڵاوبووەوە هەوڵێك بوو بۆ دۆزینەوەی زمانێکی رەخنەگرانە لەمەڕ پرسو دۆخی پەروەردەو گومانێك بوو لەوەی کە سەرانی کوردو دەسەڵاتدارانی حیزبەکانو حکومەت تاهەنووکە نەیانتوانیووە لەهەستیاری ئەو دەزگایە تێبگەن کە فەرامۆشکردنی لەوە زیاتر کارەساتێکی مێژوویی بەدواوەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو تاکە کەسەکان. بۆ ئەو بێباکیو کەمتەرخەمییەش دووجۆرە روانینو شیکار لەبەردەستدایە، چ لەسەر ئاستی میللیو چ لەسەر ئاستی خوێندەوارەکانو پەروەردەناسەکان، یەکەمیان بڕوای وایە سەرانی دەسەڵاتدار لەهەردوو حیزبەکە زۆر لەوە بێئاگاترن بەوە بزانن کە دەزگای پەروەردە تاکە شوێنێکە بۆ پەروەردەکردنی ئەو مرۆڤەی کە خەون بە دروستکردنییەوە دەبینین کە دواجار بوونەوەرێکی ئایندەخوازو جێگەی ئومێدی هەر هەمووماندبێت بەوەی کە بتوانێت بایی ئەوەندە چەکداربێت لەرووی فیکریو زانستیو مۆڕاڵییەوە کە هەڵگری هەرهەموو خەسڵەتە جوانو تواناو هێزە ئاشکراو شاراوەکانی خۆی بێت لەدانانی بناغەکەی، گومانێکی وا کە رووی لەدەسەڵاتدارانی یەکێتیو پارتییە، چونکە بەکردەوەو بەهەموو هێزی خۆیانەوە هەرهەموو جومگە سەرەکییەکانی ئەو دەزگایەیان کۆنترۆڵکردووە هەرچەندە کۆنترۆڵکردنێکی حیزبییەو دوورە لەوەی پلانو نەخشەیەك هەبێت کە پێویستی گەورەی بە هێزو پێویستیە مادیو مەعنەوییەکان زۆرەو مەرجە فەراهەمبکرێن.

هەرچەندە لەدوای کۆنگرەی پەروەردەو لەسەر زمانی سەرۆکی حکومەتەوە جەخت لەسەرئەوە کراوەتەوە کە ریفۆرمی پەروەردەیی یەکێکە لەماستەرپلانی کابینەکەی، وەلێ دەبوو گەورەترین پشکی بودجەی هەرێم بۆ خزمەتی ئەو ماستەرپلانە بووایە گەر بەڵێنە پرۆژەی چاکسازی سەر بگرێت، هەڵبەتە ئەوە یەکەم جاریشە کە دڵگەرمییەکی گەورە لەلایەن وەزیری پەروەردەو ژمارەیەك لە پەروەردەناسانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات هەیەو گەرەکیانە ئەم پرۆژەی چاکسازیو ریفۆرمە لەسیستمی پەروەردەدا سەربخەن.

بۆچوونی دووەم، کە گومانەکە گەورەتردەکات لای خەڵکی ئەوەیە، کە ئەم دووحیزبە بەدەستی ئەنقەست ئەم دەزگایە فەرامۆشدەکەن، چونکە پەیدابوونی هۆشیارییەکی سەراپاگیرو خوڵقاندنی کەسانی رەخنەگروهۆشیارو چاونەترسو دەمهەراشو هارو مێشك پڕ لەپرسیار وادەکات ئەو ئاغایانەی سیاسەت هەروائاسانو بێباکانە ئەو کەشتیە کون تێبووە ناژۆن.

هەردوو روانینەکەش مایەی نیگەرانین، لەراستیدا پەروەردەو کێشەکانی باسو خواسی هەرهەموو کەسو ماڵێکە، دیمەنی گشتی گیرۆدەبوونو ماندوێتیو خەمێکە کە هەرهەموو کەسەکانو ماڵەکانی داگیرکردووە، راستە واقیعی باش یان خەراپی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی سنوری بەدبەختیو خۆشگوزەرانی هەرهەمووومان رەسمدەکات، بەڵام زۆرئاسانە تێبگەین دۆخی نالەبارو پڕلەگرفتو کێشەی پەروەردە بە هەزارەها کچو کوڕی تورەو غەمگینو ماندووکردووە، ئەوەش وایکردووە ماڵەکانیش کە پڕن لەو کچو کوڕە بەدبەختانە، لەسەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا، دواجار دۆخێکی جەهەننەم ئاسای بۆ هەرهەمووان جۆشداوە، گرفتەکەش لەوەدانییە کە دەسەڵاتدارانی حیزبو حکومەت هۆشیارنین بەوەی چی لەناو ئەودەزگایە دەگوزەرێت، یان بەواتایەکی دیکە لەوردودرشتی هەوڵەکانی ریفۆرم ئاگادارنەبن، چونکە کوردستان ئاوروپا نییە کە تیایدا تیۆرێکی رەخنەگرانە وەك پارادایمێك لەمەڕ پەروەردەو پرسەکانی دیکە بۆ چەندین دەیە باوەشی بۆ کرابێتەوە، هەڵبەتە ئەو رۆحی رەخنەگرتنە هەر بەتەنها پەروەردەی نەگرتەوە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کە قۆناغی تازەو ئینتیقالی هاتبووە پێشەوە، بۆئەوەش رەگو ریشەی مێژوویی لەبواری گەشەکردنی زانستە سروشتیەکانو ئینسانییەکاندا بووە مایەی پەیدابوونی سیستمێکی رۆشنفکری رەخنەگرانە کە هەموو

کایە مەعریفییەکانی گرتەوە، بەتایبەتی پەیدابوونی کۆمەڵێك قوتابخانەو ڕێبازی فیکری تازە لەئەوروپا کە هەرهەمووی ستایشی ئەو هێزو بەشدارییە گەورەیە بوو بۆ دامەزراندنی چەندین تیۆرەی ڕەخنەیی لەمەڕ دەروونناسیو کۆمەڵناسیو فەلسەفە کەدواجار کاریگەری پۆزەتیڤو بونیاتنەرانەی هەبوو لەسەر گۆڕینی ڕەوشی پەروەردەو هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو شیکاریکردنەی لەو بوارەدا ئەنجامدران، جۆراوجۆر بوون، پڕ لەتەبایيو هەم ناکۆکی، لەگەڵئەوەشدا تیۆرە ڕەخنە ئامێزەکان پێچەوانەی زۆر لەپارادیمو نموونە تەقلیدییەکانی لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان بوون، بە پرسیارو گومانی تازەوە هاتنەمەیدانێ، گەڕان بوو بەدوای جوگرافیای تازەدا، لەپێشەنگی ئەو کاروانەدا فرۆیدو پاڤلۆڤو ماسلۆو جۆن دویيو ماریا مۆنتیسۆریو بێرتراند ڕەسێلو ماکێنزیو ڤۆلتێرو پیاژێ، بەڵام لەم چەند دەیەی ڕابوردوودا شەپۆلێکی بەهێزتر لەبواری شیکاریو ڕاڤەکردنی پەروەردەدا لەسەردەستی گادامێرو هابرماسو لیندا ستۆون لەتەك ژمارەیەك لەهەوڵی پۆست ـ بونیاتگەرییە فەرەنسییەکانو پۆست ـ مۆدێرنستەکانو فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان کە هەرهەموو پێکەوە مۆدێلێکی ڕەخنەی تازەیان هێنایەپێشێ، کۆی کارەکان جۆرێك لەبەیەکەوەلکاندنی کۆمەڵێك تیۆرە بوو لەمەڕ ریفۆرمی پەروەردەیی.

بۆ ئێمەش کە لەخەمی چاکسازیداینو گەرەکمانە مۆدێلە کۆنەکان تێپەڕێنینو کەڵك لەئەزموونی دەرەوەی خۆمان ببینین خوێندنەوەی تیۆرەکانو ئەزموونەکان تاکە ڕێگایەکە کە لەهەرهەموو سەرچاوەکانەوە قەرزیانبکەین، هەرچەندە ژمارەیەك لەپەروەردەکارە کۆنەخوازەکان لەو قەرزکردنە دەترسن گەر سەرچاوەکان ڕۆژئاوایی بن، بەئاشکراو بێ شەرم (سعودیەو مالیزیاو ئەندەنۆسیا) بەو سەرچاوە دانسقانە دەزانن کە نزیکن بە کلتووری ئیسلامی ـ ئاسایی ـ ڕۆژهەڵاتی، خودی ئەم بۆچوونە هەرهەمان ترسو فۆبیایە لەقەرزکردنی هەر ئەزموونێکی سیاسیو ئابووری فەرهەنگی ڕۆژئاوا کە پتر مەیلێکە لەپاشەکشەکردن لەریفۆرمێکی ڕاستەقینە.

هەنووکە لەگۆڕەپانەکەدا دووبەرە هەن کە لەهەردووکیاندا نوێنەری هەرهەموو لایەنو حیزبە چەپڕەو ڕاستڕەو میانڕەوەکانی تێدایە، بەرەیەك بەوە ئاسودەترە کە دەستکاری هیچ نەکرێتو ئەم گۆڕانو هاواری ریفۆرمە بە ساختەو نەخشەی دوژمنانو مەیلێکی غەربزەدە دەزانێت، ئەوەش سەیرنییە کە خودی گۆڕان لەهەر بوارێکدا هێزێکی فیکری گەورەی گەرەکە لەپاڵ ئازایەتیو سەرکێشییەکی عەقڵانی کە هەر لەسەرچاوە فیکرییەکەوە دێت، بەرەیەکی دیکەیان ئامادەیە کە چی هێزی مادیو فیکری هەیە بیخاتەگەڕ بەنیازی گۆڕانێکی ڕادیکاڵانە، گومانیشی تێدانییە کە خودی (ریفۆرم) لەژێر چەندین ناوونیشانی جیاوازو پەساپۆرتی جۆراوجۆرەوە گەرەکییەتی سەفەری خۆی بکات، کە دیارە هەندێك لەو کارەکتەرانەی بانگەشەی ریفۆرمدەکەن کچو کوڕی بەوەفای هەمان مۆدێلە کۆنەکەنو نوێنەری هەمان ئەو سیستەمەن کە پێویستیو داوای ریفۆرمی خولقاندووە، مەترسی ئەو کارەکتەرانەش لەوەدایە کە غەڵبەغەڵبی زۆرە، کەچی هیچ پرۆژەو خەونێکی تازەی لەهەگبەدا هەڵنەگرتووە، تەنها حەزی ئەوەیە لەناو گەمەکەدا یاریکەربێتو لەمیانەی کارکردنیدا ئەوەندەی پشێویو قەڵەبالغییەکی بێ بەرهەمە، نیوئەوەندە پرۆژەی گۆڕانەکە سەرناخات، مەرجە ڕۆحی ڕەخنەگرانەی ئەو بیردۆزانە ببێت بە بەشێك لەگفتوگۆو مشتومڕی پەروەردەناسەکانی ئێمە.

جیاوازی بیروڕا لەکەشو هەوایەکی کراوەو دێمۆکراتیدا ڕەوایە، بەڵام ڕەتکردنەوەی هەر پرۆژەو بەرنامەیەکی هاوچەرخ لەژێر ناوی ناکۆکبوون لەگەڵ ئایینو کلتوورو بیروبۆچوونی باوی خۆمان مانای مانەوەیە دەنێو مێژوویەکدا کە وەستاوەو ئامادەیی هیچ بزاڤو تەکانێکی تازە نییە بەنیازی جێهێشتنی ڕابوردوو بەمانا مردووەکەی، دەتوانین لێبڕاوانە بڵێین ئێمە ناتوانین ئەو دیاردانە ببینین بێ دۆزینەوەی زمانێکی تازە کە وەسفی ئەم گۆڕانو خەونو پرۆژەو دیاردە تازانە بکات.

دیالۆگی ڕاستەقینە لەهەرهەمووان دەخوازێت گومان لەو پرۆگرامەی خوێندنو پەروەردەکردنە بکەین کە لەنێوان تیۆرەو پراکتیکدا بۆشاییەکی گەورە هەیە، بەرنامەکانی خوێندن لەنیو سەدەی ڕابوردوودا مرۆڤی غەمگینو نامۆی دروستکردووە، نامۆ بەزاتی خۆیو دونیا، بەرنامەیەکە بۆ یەکجاریو تا ئەبەد

دەمانکات بە دوژمنی کتێبو خوێندنەوەو بیرکردنەوە، بە هەزارەها مرۆڤ، لەمێو نێر، دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵاش بەیەکجاری سەرچاوەکانی مەعریفەت تەڵاق دەدەنو دەبن بە گەورەترین دوژمنی کتێب، من لەیادمە یەکێك لەخەونە هەرەخۆشو گەورەکانی هاوەڵەکانم لەزانکۆ دوای چوار - پێنج ساڵ خوێندن ئەوە بوو کەدوای تەواوکردنی ئەو قۆناغە بەیەکجاریو تاماون نەك هەر کتێب، بەڵکو سوێندی شەرەفیان خوارد کە رۆژنامەش نەخوێننەوە، هەرواش بوو.
قۆناغەکانی خوێندن لەباخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ دەبێتە مایەی دروستبوونی دوژمنداری لەگەڵ قەڵەمو کاغەزو هونەرو ئەدەبو فیکر، چ نەوەی منو چ ئەم نەوە تازەیەش هەمان دۆخی دڕدۆنگیو تۆرانیان لەگەڵ مەعریفەتدا چنییەوە، تاهەنووکەو بەگەڕانەوە بۆ نیوسەدە لەمەوبەر قوتابیان لەهەموو قۆناغەکاندا قوتابخانەیان لەلا بەندیخانەیە، هەربۆیە دەڵێن (بەرەڵڵابووین) یان (بەربووین) وەکئەوەی (بەند )بووبن، زرنگەی زەنگی چوونەدەرەوەی پۆل مایەی خۆشنوودییەو زەنگی چوونەژوورەوەش مایەی خەمو دڵگوشرانو نەخۆشییە، گومانکردن لەو پێگەو دۆخەی مامۆستا تیایدا دەژی کارێکی رەوایە، ئەو رۆڵە تەقلیدییەی کەدەیکا بە هەموو شتزانو بگرە زۆردارو زەبر وەشێن کە لەهیچ شوێنێکی دونیادا کەس پێی جوان نییە، لەپاڵ شێوەی تاقیکردنەوەکان کە سیستەمێکی سزادانو کوشتنی رۆحو عەقڵە ئەوەندەی دیکە مامۆستاکان دەکات بە تۆڵەسێنو رووگرژو بوونەوەری ترسناك کە تا هەنووکە بە هەزارەها ژنو پیاو کە بەر لەدەیەها ساڵ خوێندیان تەواوکردووەو کەچی بەم پیرییە خەون بە تاقیکردنەوەی ناخۆشو دەرنەچوونو گیرۆدەبوون بە دەست پرسیارە قورسەکانەوە دەبینین، مەرجە ئەم رۆڵە مرۆڤپەروەرانە بێت.
دوای پتر لەنیوسەدە هەقوایە قۆناغەکانی جەهەننەمو خەونی ناخۆشو مۆتەکە جێبێڵین، بانگەشەی ریفۆرم لەئێمە دەخوازێت کچو کوڕەکانمان لەگەڵ قوتابخانە ئاشتبکەینەوە، لەهەموو دونیادا کە رێز لەمرۆڤ و پەروەردەو فێرکردنی راستەقینە دەگیرێت قوتابی ناوەندە - سەنتەرە - قوتابی یەکەمین ئامانجو دوائامانجە، هەرهەمووشی لەرستەیەکی زۆرکورتدا کورتکراوەتەوە:
"گەر قوتابی خۆشبەختو ئارام نەبێت.... مەحاڵە فێربێت!"، هەرواشە... رۆحێکی غەمگینو تووڕەو بێزارو تۆراوو بەندکراو دەنێو ژوورێکی رووتو بێ رەنگو پەنجەرەی شیش بەندوبنمیچی نزم داوای نواندنی موعجیزەو بەهرەی گەورەی لێناکرێت.
لەمیانەی گەڕانو سۆراغی بەردەوامی خۆم لەگوندو شارۆچکەکانی کوردستاندا گوێبیستی ئەوە دەبم کە بڕیاری لابردنی سزای قوتابیان ئاژاوەو بەرەڵڵاییو بێباکی قوتابیان بەدوای خۆیدا دێنێت، هێشتا ژمارەیەکی یەکجار زۆرمان هەن بڕوایانوایە بێ دارو زەبرو زەنگ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دروستو رێك ناچێت بەڕێوە، لێرەدا رستەیەکی (بێرتراند رەسێل)م هاتەوە یاد کە باس لەسیستەمی پەروەردەی ئینگلیزی دەکات کە پتر بە رۆحی سەربازیخوازانە - میلیتاری - پەیوەستبوو، کە روانینی مامۆستاکان لەسەردەمێکی زووتردا جیاوازیان لەنێوان قوتابیو کەرو هێسترو بزنەشێت نەکردووە کەتەنها بەزەبری دارو گۆچان دێنەوە سەر راستەرێگا، مامۆستاکان هەروەك کۆمەڵێك ئاژەڵی کێوی لەقوتابییەکانیان روانیووە کە بەزەبری دارو تێڵاو تفو جنێو نەبێت فێر نابنو ناگەڕێنەوە سەر راستەڕێ، دیارە ئەوە بۆچوونی ملیۆنەها پەروەردەکار بووە لەدێر زەمانەوە.
بەڵام لەمرۆکەدا بەکارهێنانی توندوتیژیو زەبرو زەنگ، چ جەستەیی بێتو چ دەروونی، سزای لەسەرەو بەلایەنی کەم هیچ قوتابخانەیەك ناهێڵێت مامۆستای زەبروەشێنو کینەلەدڵو تۆڵەسێن بچێتە هیچ کلاسێکەوە، هەر لەبەرئەوە ریفۆرم کاتو کارو هەوڵی زۆری دەوێت کە نەوەیەك لەمامۆستا بچنەناو پۆلەکانەوە کە لەبڕی زەبرو زەنگ بڕوایان بەخۆشەویستیو میهرو بەخشندەیی بێت، راهێنانو مەشق پێکردنیان بۆ هەمیشە پێویستە تاوەکو رۆحی توندوتیژی لەخۆیاندا بمرێنن، خودی ترسی گەورەکان لەتێکەڵکردنی کچانو کوڕانمان لەقوتابخانەکاندا یەکێکە لەهۆکارە هەرەسەرەکییەکانی بەنامۆکردنی ئەبەدی (مێو نێرەکان) لەیەکدیو بەرهەمهێنانی توندوتیژی کە لەبەشەکانی دیکەدا بەدرێژتر باسی دەکەم.

زۆرن ئەو بەشو پێکهاتەو بابەتانەی پەروەردە کە تا هەنووکە بەبرِو بیانووی جیاوازەوە دەستیان لێ نەدراوە، لەبواری پراکتیکیدا فەلسەفەیەکی پەروەردەیی روونو ئاشکرا لەئارادانییە، وەك لەرۆژئاوادا باوە، لای ئێمە پەیرِەوی لێ ناکرێت، هێشتا پێداگۆگییەکی رەخنەگرانەو زانستی شك نابەین کە مامۆستاکان پەیرِەوییکەنو هەرهەموو هونەرو تەکنیکەکانی فێرکردنو پەروەردەی سەردەم بزانن، نیوسەدە پترە زۆربەی مامۆستاکان بەرِێکەوتو بەزۆردارەکی دەبنە مامۆستا، سادەترین راپرسیو ئامار ئەو حەقیقەتەمان بۆ ساغدەکاتەوە، مەرجی یەکەم بۆ سەرکەوتن لەهەر پیشەو کارێکدا برِی ئەو حەزو خۆشەویستیەیە کەبەرانبەر بە پیشەکەت لەرۆحی تۆدا هەیە، بۆ هەمیشە دوو بوونەوەری تووڕەو غەمگینو بێزار لەبەرانبەر یەکدیدا دانراون کە قوتابیو مامۆستایە، کەچی داوایان لێدەکەین پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەرکەماڵو بێتو رێكو راست برِوات بەرِێوە، دیسانەوە ئەوەمان لەبیرچووە کە قوتابی بێزارو تۆراو لەخۆیو لەدونیا مەحاڵە حەز لەفێربوون بکات.

کەسی برسیو رووتو رەجاڵو بێبەشو نائومێد نە فێردەکاتو نەفێردەبێت، سەیرنییە کە ئەوەندە کۆمەڵگایەکی پرِ لەتوندوتیژین، بەتایبەتی لەبواری پەروەردەدا، پانتایی زەبروزەنگو نواندنی دڵرِەقیو سزاو تۆڵە زۆر بەربەرینە، چونکە پانتایی ژیاندۆستیو کەیفو خۆشی لەرۆحی زۆربەماندا کوژراوە، هێزی ترسناکی توندوتیژیو دەمارگیری هاوشانە بەو زەمەنو دۆخو تەمەنەی کە تیایدا بەراستیو بەخۆشی نەژیاوین، چەندە زیندەگی ناشیرنو شێواو بێبەشی تێدابێت، ئەوەندە کینە لەدڵو تۆڵەسێن زەبروەشێن دەبین، چەندە لەخەندەو خۆشی بەدووربن کچو کورِەکانمان، ئەوەندە ئەگەری ئەوە زۆرە کە وێرانکەرو خوێناوی بن، لەوانەیە دوای خوێندن کچو کورِەکانمان فێری کارو پیشەیەك ببن، ئەویش بەناکاملیو نیوەناچڵ، بەڵام گەورەترین خەونی دەزگاکانی پەروەردە کە دروستکردنی هاولاتیو هاوشاری سوودبەخشو خەڵك دۆستو خاکپەرستەو مرۆڤپەروەرە، لەوەدا ئێمە نوشوستیمان هێناوە تا هەنووکە، خوێندنێکە بێ مۆراڵو رەوشتبەرزی.

کێن ئەوانەی لەم وڵاتەدا بە کوردو عەرەبو تورکمانو کلدۆ ئاشوریو باقی تیرەو هۆزی دیکە کە خیانەت لەخەڵكو خاك دەکەن، کێن ئەوانەی نوقمی گەندەڵی بوون؟ لەئەستێرەیەکی دیکەوە نەهاتوون، هەموویان دەرچووی پەیمانگاو کۆلێژەکانی ئەم وڵاتەن، دوای دەرچوون لەکۆلێژەکان هەرهەمووان سوێند بە خوداو شەرەفو ئاڵاو وڵات دەخۆن کە لەکارو پیشەکەیدا خاوێنو خزمەتکاری خاكو خەڵك بن، برِوانە دوای حەقدە ساڵو بەر لەوەش بەنیوسەدە چەندە لەگەڵ خۆمان وخەڵكو خاکدا درۆزن بووین، سیاسەت دەکەین بێ مۆراڵ (ئەخلاق)، بازارِو جموجوڵی ئابووریو سەرمایەگوزاری بێ مۆراڵاَ، ژیانی کۆمەڵایەتیمان پرِە لەریاکاریو توندوتیژیو فێڵو دوژمنکاری، لەتەماتە فرۆشەوە بیگرە تا ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشتی راکێشانی جادەیەك دەکات لەنێوان دوو گوند ـ دا فێڵدەکات.

کەواتە گومانکردن لەماڵەکانو مەکتەبەکانو مزگەوتەکانو خانەکانی حیزبو هەرهەموو خانۆچکەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤ، لێرەو هەنووکە، رەوایەو جوانترە بایی ئەوەندە ئازابین قسە لەسەر ناشیرینییەکانی خۆمان بکەین، خودی ئەم زمانە رەشو بریندارو ئازاربەخشەو غەمگینەو تووڕەکەرەی من بەڵگەی ئەوەیە کە منیش کورِو پەروەردەی فەزایەکم کە هیچ رۆحێکی هێمنو ئاسوودەگی پێنەهێشتووم، هەمیشە دانمپێداناوە کە من بۆخۆم نەخۆشی دەست ئەو هەموو دەزگایانەم کە منی خراپ پەروەردەکرد، ئاخۆ دەکرێت بەرنامەیەکی دیکەمان هەبێت بۆ ئەم نەوە تازەیە کە وەك ئێمە دەردەدارو غەمگینو خیانەتکار نەبێت؟!